**وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**
**ژمارە : ٢٨٩٢٩ لە ٢٠١٥/١٢/٣٠**

**پاڵپشت بە مادده (٥٠) لە یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و خوێندنی توێژینەوەی زانستی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٨) بە مەبەستی دابینکردنی داهاتی دارایی بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵاو و توێژینەوەی زانستی بڕیارماندا بەدەرکردنی ئەم ڕێنماییانەی خوارەوە:-**

## ڕێنمایی ژمارە ( ٨ )ی ساڵی ٢٠١٥
## ڕێنمایی ڕێکخستنی پرۆسەی یەکسانکردنی بڕوانامەکان

**١- پێویستە بڕی (٥٠$) دۆلار لە سەرەتاوە بدرێت بە وەزارەت / فەرمانگەی نێردراوان و پەیوەندییە رۆشنبیریەکان لە لایەن هەر پێشکەش کارێکی دانیشتوی هەرێم بۆ یەکسان کردنی بڕوانامەکەی کە لە دەرەوەی وولات وەریگرتووە.**

**٢- پێویستە بڕی (١٠٠$) دۆلار لە سەرەتاوە بدرێت بە وەزارەت / فەرمانگەی نێردراوان و پەیوەندییە رۆشنبیریەکان لە لایەن هەر پێشکەش کارێکی دانیشتوی دەرەوەی هەرێم و ئەوانەش کە مافی مانەوەیان لە هەرێمی کوردستان هەیە بۆ یەکسانکردنی بڕوانامەکەی کە لە دەرەوەی وولات وەریگرتووە.**

**٣- پێویستە بڕی (٢٠٠$) دۆلار لە سەرەتاوە بدرێت بە وەزارەت / فەرمانگەی نێردراوان و پەیوەندییە رۆشنبیریەکان لە لایەن هەر پێشکەش کارێکی بیانی ( غیر عراقی ) و ئەوانەش کە مافی مانەوەیان لە هەرێمی کوردستان هەیە بۆ یەکسان کردنی بڕوانامەکەی کە لە دەرەوەی وولات وەریگرتووە.**

**٤- هەر هاوولاتیەکی ناو هەرێم بۆ تاقیکردنەوەی توانستی زانستی پێویستە بڕی (٢٥$) دۆلار بۆ جاری یەکەم و لە کاتی دەرنەچوون بڕی (٥٠$) دۆلار بۆ جاری دووەم هەروەها بۆ جاری سێیەم بڕی (٧٥$) دۆلار بە ڕەزامەندی وەزیر.**

**٥- ئەم داهاتە دەخرێتە سەر سندوق وەزارەت.**

**د. یوسف گۆران**
**وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**